کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
8-7-2007 2:10بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ئیدی ناکرێت بی دەنگ بم؟ چەند قسەیەکی سارد دەربارەی شەرێکی گەرم (ئاریا لەنێوان حەقیقەت و درۆ گەورەکاندا) ... دڵشاد مستەفا**
بەریتانیا

بەشێك لەنەهامەتییەکانی کورد لەوێوە دەست پیدەکات کە کەسانێکی نەخوێندەوار لەدەرەوەی خۆی دێن و دەبنە چاوساغی و بەوازەی خۆیان دەست دەنێنە سەر برینەکانی و پاش خەم بۆ خواردنی دەرمانێکی ئەفسونی بەرهەم دەهێنن و ئیدی تەواو سەرلەبەری مەینەتییەکانی ئێمە لەسەر دەستی ئەو ئەفسونگەرە عەجایەبەدا کۆتایی دێت و بۆخۆمان بەچەلین و کەوشی کوردییەوە لەپێشی پێشەوەی میللەتانی دنیا دەوەستین. چ خورافەیەکە ئەمە؟چ حکایەتێکی نالەبارو بیسەروبەرە؟ خودایە من وکورد لەو سەرگەردانییە دەرباز کە چونکە ئیدی بڕستی بی دەنگ بوونم نەماوە. ببورە خوێنەری ئەزیزی کورد کەیەکەم نوسینم لە مەنفاوە ئەم قسە ساردانەیە کە دەبوو لەجێی ئەوە شتێکی ترم نوسیبا بەڵام بەڵێنت دەدەمی کەبەم نزیکانە دەقێکی شانۆیی نوی دەبینیو ئەمەش یەکەم و دوا نوسینم دەبێت لەم پانتاییە ساردو سڕەدا. گەلێك جار بەسێبەری هەندی لەنوسینەکانمەوە پەڵەیەك تارو مار خۆی هەڵدەواسیو دەیەوێت بەشێك لەو ڕۆشناییە بشارێتەوە کەنەسەبی دەچێتەوە سەر بنەماڵەی تێکستێکی بەشان و شەوکەت، یان بنیس و گرگنان بەباڵای چەند وشەیەکما هەڵدەزنێن لەگەڵ ئەوەی کەسانی نزیك لەمن هانیان دەدام هەر بەوزمانە لەو نادروستیانە بدوێم وەلی خۆم لی دەبواردوو بەهەنجەتی ئەوەی نامەوی لەپانتاییەکی خاڵی لەفیکرو مۆراڵی نوسیندا کاتی خۆم و ئەو خوێنەرەش بەفیرۆبدەم کە چەند ساتێکی بۆ خوێندنەوەی ئەو شەرە نادروستە تەرخان دەکات، گەرنا ئەوپەڵەو تارماییە دزێوانە گەلێك باش دەزانن کە زۆر سانا بەشاباریان دێم ودەتوانم چی بێژم.
سەرقاڵی ئێستام بەخوێندنەوە کەمتر فرسەتی ئەوەی دەدامی بەنێو ماڵپەرە کوردییەکاندا بگەرێم بەڵام لەبەئاگاهێنانەوەی دۆستێکەوە چاوم بەدرۆزنترین پیاوی دنیا کەوت کەخۆی لیبۆتە سلمان روشدی ونێر حامد ابوزید و دەیەوێت دنیایی علمانییەت بەهاواریەوە بێت و ڕۆحی پر لەبەرائەتی لەمەرگێکی حەتمی رزگار بکەن. جگە لەوەی لەنێو ئەو موهاتەراتانەی بۆ خۆشی تێدا ون بووە قاچی منیشی گرتووە شان بەشانی هەموو ئەوانەی تر کە ماهیەتیئەو دەناسن کەوتۆتە پەلاماردانم. ئەم رزگارکەرە نوێیەی دنیای تاریکی ڕۆشنبیری کوردی دەبێت گەلێك باش ئاوڕ لەرابردوو بداتەوە ئەوسا ئەو هەڵایە لەدەوری خۆی دروست بکات.
مەخابن دنیای هەژاری ڕۆشنبیری ئێمە دەرفەتی وای ڕەخساندووە کە بەبارتەقای پانی گەردوون خەڵك قەلەم بگرێە دەستی و داکۆکی لەشتێك بکات کەهیچی دەربارە نازانی، ئەمەبەشێکی تری نەهامەتییەکانی ئێمەیەو بەشێکە لەوزەینە نارۆشنەی بیەوێت یان نا وێنەی ئۆپۆزسیۆن بۆ قەڵەم بەدەستێکی کوێر بچوك دەکاتەوەو ئەمەش بەئاشکرا دەچێتەوە رازەی ئەو دەسەڵاتەی ئەو بەقسەی خۆی دژایەتی دەکات.
لەگەڵ وەستانی (ئاریا) دا دنیایەك هاتە وروژان بەچاك وبەخراپ لەسەری وترا بەڵام ئەفسوس زۆر کەمی ئەو نوسینانە ئاگاداری دە دەرسەدی حەقیقەتی ئاریاو ئەو دەرهێنەرەن. من لەدوای قسەکانی (هادی ێالح مەهدی) یەوە چاوەروانی بەڵێنە دێرینەکانی بەرێزان (ئەحمەد ڕەزاو رزگار باهر) بووم تا ئەوان وەك دوو ئاگاداری سەرجەم ڕوداوە حەقیقیەکان خەڵك لەو گومرابوونە دەرباز بکەن، بەڵام داخی گرانم ئەوان هیچیان نەوتوو هادیش خۆی ئاسا هەر لەهاوارە.. ئیدی ناچار دەبم سەری خوێنەر بە حیکایەتە ڕاستەقینەکەوە بیەشێنم.
مانگی (4) ی ساڵی 2006 هادی بە سیناریۆیەکی ئامادەکراووە لەرۆمانی (الشیگان والآنسە بریم) وە کەنوسەرێکی نەناسراوی خەڵکی دیوانیە (زێدی هادی) بەناوی () وە ئامادەی کردبوو سیناریۆکە ناوی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

زنجیرەی تەلەفزیۆنی (البارود) _کەئێستاش کۆپییەکی لەئەرشیفی مندا پارێزراوە_ بوو هاتە لای من لەوەزارەتی رۆشنبیری و دوای موجامەلەیەکی زۆری پر درۆیانەی خۆی دایمی بیخوێنمەوە یارمەتی بدەم تا کەناڵی کوردسات بەرهەمی بهێنێ. منیش پاش خوێندنەوەی ئامۆژگاری ئەوەم کرد کەلێی گەڕێ چونکە ئەو دەقە دوورو نزیك پەیوەندی بەدونیای کوردەوە نییەو وەرگری کورد پێی قایل نابێت. وەك عادەتی خۆی دیسان کەوتە داوای ئەوەی یارمەتی بدەم چی بکات، لەراستیدا من دەمویست هەرچۆنێك بێت دەرباز بم چونکە ئەزموونی تاڵی پێشترم لەگەڵ ئەو پیاوە دەست پاك و خەلوقە لەشانۆیی هاملێتی ساڵی 1992دا کەخۆی و هەندێك کەسی تر باش دەزانن دەڵێم چی، ئەوەی فێر کردبوم کە توخنی نەکەومەوە. بەڵام ئەوی کەمێك لەنزیکەوە ئەم (برایم زەبۆك) بناسی دەزانی چۆن مێشکی بەشەر دەخوا، بەشاهیدی کارمەندانی بەشی راگەیاندنی وەزارەت گەلێکم لیپارایەوە کەهاوکاری بکەم بەحوکمی ئەوەی ئێمە پێکەوە خوێندکار بووین لەئەکادیمیای بەغدا و دواتر هەندێك تێکەڵاوی خانەوادەییمان بۆ دروست بوو ناچار بیرۆکەیەکی نوێم دایە کە بکرێتە بنەما بۆ کارکردن _ بەڵام گەلی دوور لەوەی پێشکەش کرا_ ئەویش بەگەلێك سەرسامی و شادمانییەوە گەرایەوە لای نوسەرە عەرەبەکەی شارەکەی خۆی و کاریان لەسەر ئەو بیرۆکەیە کرد و بۆمنی هێنایەوە دوای تاوتوی کردنێکی زۆر ریك کەوتین لەسەر ئەوەی سەرەتا ئەو دەقە وەربگێرین و دواتر ئەوەی دەمانەوێت بۆی زیاد بکەین. من کەوتمە کارکردن لەسەری و هادیش بەناوی ئەوەی لەدەقی مندا کاردەکات قسەی لەگەل گەلێك لەو ئەکتەرانە کردوو ئەوانیش بەهۆی متمانەیان بەتوانای من لەرێی ئەو 17 دەقە شانۆیییەی نوسیوومە _کە هەڵوێستیان جێگەی رێزە_ قایل بوون، هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر هەمان بنەما کەوتە قسەکردن و مامەڵە لەگەڵ کوردسات ئەوانیش هەر وەك هاوری هونەرمەندەکانم و لەسەر هەمان بنەمای متمانەو ناسین بی هیچ گرفتێك قایل بوون. من هێشتا 10 ئەڵقەم لەوەرگێران و هەندێك دەستکاری تەواو کردبو هادی وون بوو، لەگەڵ ئەوەی پێشتر رۆژانە بەتەلەفۆن هەراسانی کردبووم. پاش مانگێك دیار نەمان رۆژێ: کەناڵی کوردسات پەیوەندییان پێوە کردم و وتیان چەند ئەلقەیەکی وێنەگیراوی ئەو کارەمان تەماشاکردووە گەلێك لاوازەو ئەو چیرۆك وروداوو کەسانەش ئەوانەنین کەتۆ باست کردوون و ئێمە پێی قایل بووین، لەراستیدا من توشی سەرسامی بووم و پاش سۆراخ زانیم هادی هەمان ئەو دەقەی بەزیاد کردن و وەرگێرانەکانی منەوە بردووە بۆ ئەحمەد رەزاو وەك کاك ئەحمەد لەدواییدا وتی وای لەو گەیاندووە کەمن نامەوێت ئەو کارە تەواو کەم و بەو سپیردراوە. من لەهەموو شتەکان گەرام و ئەو دەرفەتی دەرباز بوونەم بەدیارییەکی یەزدان زانی، پاش چەند رۆژێك کاك رزگار باهیر ئاگاداری کردم کەکوردسات کارەکەی راگرتوەو بەحوکمی هاورێیەتی دێرینم لەگەل کاك رزگار داوای ئەوەی لێکردم لەو مەسەلەیەدا کارێ بکەم پاشان هادی بە مەسجی تەلەفۆن کەوتە جنێو دان و هەرەشە لەمن بەتایبەتی بەناوی کاك نەوشیروان مستەفا وە _هەموو ئەو مەسجانە لەمۆبایلەکەمدا پارێزراون _ پاش چەند رۆژێك هات و چۆی بەردەوامی رزگار باهیرو ئەحمەد رەزا تەواو بۆیان روون بۆوە کەوەستانی ئەو کارە لەدوورو نزیك پەیوەندی بەمنەوە نییەو داوای ئەوەیان کرد هاوکاریان بکەم. کوردساتیش راشکاوانە ئەوەی دوپات کردەوەو رایگەیاند لەبەر ئەوەی هادی درۆی لەگەل کردوون کارەکەیان وەستاندووە ئەو سیناریۆیەکی داوە بەوان وکارێکی تری وێنەگرتووە. ئەمانە وای کرد هادی دەست وبرد خۆی بگەێنێتە کوردستان تی ڤی و زاگرۆس و ئەوە بکاتە بیانوو کە ئەو لەسەر گەندەڵییەکانی یەکێتی کاری کردووە بۆیە لەکوردسات کارەکە وەستاوە برادەرانی ئەویش ئەم هەڵوێستەیان پی سەیر دەبێ پاش سۆراخ لەراستییەکان تی دەگەن و کارەکەیان لیوەرناگرن. ئەمانە هەمووی لەکۆبوونەوەیەکدا روبەروی هادی و پیاوە خوارو خێچەکەی کەناوی سوڵتانە کرایەوەو نکوڵیان

لەوە کرد کەچوبێتنە لای ئەو کەناڵانەو تەنانەت لەمەسجێکی تەلەفونیدا دوای چەندەها قسەی ناشرین بەپارتی هادی دەڵی ئەو ئامادەیە لەدادگا بیسەلمێنی کە نەچۆتە لای ئەوان و ئەوەشی ئەو بوختانەی بۆ کردووە دەبێت قەربووی بۆ بکاتەوە، کەچی ئەوەتا درۆزنترین پیاوی دنیا_ لەگەل داوای لی بووردن لەمارکییز _ لە دیمانەکەی رۆژنامەی رۆژنامەدا دەلێت ئەو چۆتە زاگرۆس بەڵام کوردسات کەبەوەی زانیوە ناردویەتی بەشوێنیدا، کە ئەمە فری بەراستیەوە نییەو بەرێزان رزگار باهیرو ئەحمەد رەزا زۆر بەوردی ئاگاداری ئەوەن و تەنانەت ئەوانیش لەو پەیوەندییەی زاگرۆس تیڤی ئاگادار نەبوون.

دوای مشت ومرێکی زۆر و بۆ حورمەتی ماندووبوونی ستافی کارەکە و دوای پەشیمانی هادی و دان نان بەوەی ئەو کارەی من گەلێك قورسەوە بۆی جێبەجێنەدەکرا ناچار بووە پەنا بەرێتە بەر ئاسان کردنەوە، کەئەمە خاڵی سەرەکی ناکۆکی نێوان من و هادییە، ئەو وەرگری کورد بەسادەو نەفام و گێل دەزانێت و وا هەست دەکات هەر گرتەیەك دەبێت دەپەراوێزی لەگەڵ بێت تا سادەی بکاتەوەو کەئەمە تەواو پێچەوانەی سادەترین بنەماکانی نوسینی درامای تەلەفزیۆنییە لەکلاسیکەوە تادوا هەنگاو وەلی کابرایەك کە گاڵتەی بەهەموو پیرۆزییەکانی ئێمە دێت ئەوەی هەر بەخەیاڵدا نایەت ئەمە جگە لە قسەکردنمان لەمۆرالی کۆمەڵگای کوردی و پارێزگاری کردن لەکەلتوری کە ئەگەر کەسێك نزیك تادوور من بناسێت دەزانی تا چەند لەسەر چەمکی کوردبون قوڵ بوومەتەوە بەرادەیەك هەندێك جار بەشۆفێنیم ناو دەبەن، کەچی عەرەبی عەیارە 24 دەیەوێت وانەی کەلتووری کوردیم پیبلێ، و دێت دەڵی لەبەر خراپی کارم لەدەقەکەدا نەکردووە دواتریش هەمان کێشەی لەگەڵ ئەحمەد رەزا بۆ دروست بوو بەرادەیەك ئەحمەد ناچاربوو بۆ پارێزگاری لەلانی کەمی کارەکەی رۆژانە بچێتە سەر کارەکە و ئەوەتا لەتایتڵدا ناوی بەیاریدەدەری دەرهێنەر هاتووە لەگەڵ ئەوەشدا هادی دەقەکەی ئەویشی شێواندووە وەك خۆی لە رۆژنامەدا ئاماژەی پیکردووە. کوردسات قایل بوو ئەو کارە دوای ئەوەی من پێیدا دەچمەوە تەواو بکرێت. دەقەکەم وەرگرت و لە 35ئەڵقەوە کردمە 24 و هێڵێکی درامی تۆکمەم بۆ زیاد کرد کە لەم کارەدا نەبوو بەبیانووی ئەوەی ئەوە گەلێك قورسەوە هادی توانای بەسەریدا ناشکێت، مەرجێکی تری کوردساتیش ئەوەبوو کە لەبەر کەم توانایی هادی رزگار باهیر بە دەرهێنەری جێبەجێکەر دابنرێت.

هەموو ئەم حکایەتە چووە سەر و لەدوا رۆژەکانی پێش سەفەرکردنمدا بۆ دەرەوەی وڵات هادی لەمۆنتاژی کارەکەیدا بوو کەوەك هەمیشە خەیاڵە دۆن کیشۆتیەکانی و درۆ گەورەکانی لەکاردایە پێی وتم نەیتوانیوە ئەو هێڵە جێبەجێ بکات، بەڵام ئەگەر من ئەو هێڵەی بۆ بکەمە درامایەکی جیا بەناوی چیرۆکی منداڵەکانی ئاریا ئەوا شەرەفی دەرهێنانی لەئەستۆ دەگری، هادی ئەم داوایەی لەمنی کەم توانا کردوو منیش بۆ خوێندن لەوبوارەدا وڵاتم جیهێشت.

دوای تەواو بوونی کارەکە دیسان هادیو کوردسات کێشەیان بۆ دروست بوو لەسەر ئەوەی لەسیاریۆکە لای داوەو لەرووی تەکنیکەوە لاوازە، دۆستی ئەزیزم کاك کەمال جەلال کە من بۆ رۆلی سیامەندم دەستنیشان کرد پەیوەندی پێوەکردم کەکارێك بکەم کوردسات ئەو بەرهەمە پیشان بدات، درۆزنترین و ماستاوچی ترین پیاوی دنیاش لەوەلامی پرسیارێکی رۆژنامەنوسیدا دەربارە ی ئەو وەستانە دەڵی ئەوە بەرهەمی کوردسات خۆیەتی ئارەزووی خۆیەتی پیشانی دەدات یانا. (گەلێکم پی سەیرە کورد بۆ ئەوەندە بیرکۆڵ و یادەوەری شکستە، ئاخۆ ئەو برادەرانەی کەمپینیان دروست کردووەو دەنووسن ئەو لێدوانەیان نەبینیوە کەلێوان لێوە لەریایی) . بەهەرحاڵ بەهەوڵی هەمووان و ئەمجارەش بۆ حورمەتی ستاقی کارەکەو دوای هەندێکی تر چاك سازی تەکنیکی ئاریا ئەو چەند ئەڵقەیەی نمایش کرا کە بەحەق شەرمەندەم لەبەردەم بینەری کورددا کەناوی من وەك راوێژکاری درامی دەبینی چونکە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەدڵنیایی لەو كارە نمایش كراوەدا بەهێندی ئەو ڕاوێژكارانەی ناوەدزگا حكومییەكان ڕۆڵم هەبووە كەتەنها سەری مانگ بۆ مووچەكانیان دەوامیان بیر دەكەوتەوەو بەشێك بوون لە و كۆرەپشنەی ناو حكومرانی كوردی.

لێرەوە لەدوای ئەم سەربوردە پر لەمەلەل و بێزاریەوە دەمەوی ئەوە بیر دروزنترین پیاوی دنیا بهێنمەوە كە بۆئەو ئاساییە هەرچی بڵی و ئەمەش یەكەم جاری نییە كە بەرهەمی خەڵك دەكات بەهی خۆی و من و كابرای نوسەری هاوشاری خۆی و نووسەری (الشيطان والانسە بريم) یش بەجەهەنم. ئەم پیاوە ڕاستگۆ شۆڕشگێرەی زیاد لەپانزە جار چۆتە هەورامان بۆ پرسیار دەربارەی ئەنسار الاسلام؟! (كەوانییە) ئێستا لە خۆ نواندنێكی گاڵتەجاریدا دەیەوێت بێتە پاڵەوانێكی ئەفسانەیی كە مەخابن خەریكە ڕاگەیاندنی كوردی دەبێتە پاڵپشتێكی گەلێك گەورە بۆی ئەو لەمێژە خەون بەوساتەوە دەبینی و دەیەوێت لەسەر حسابی ناشرینكردنی كورد كەخوا دەزانی پلانی كێ یەو جێبەجێی دەكات ببێتە ناوێكی دیاری نێو دنیا. ئەوەتا بەئاشكرا لەماڵپەری (كتابات) بانگەوازێكی بەعەرەبی بڵاوكردۆتەوە بەهیچ شێوەیەك جگە لەخۆی ناوی كەسێكی تری ستافەكەی نەبردووەو ئەم ڕستە نازدارەشی تێكەڵاو كردووە (نحمهل مسؤليه ما قد يقع من مكروه لاسامح اللە چد ای فرد من افراد المسلسل ولاسيما المخرج هادی المهدی كونه فنان عربی من الجنوب ويقيم فی كوردستان ويعمل فی قناه وكوردسات وبلا ای غطا و عشائری او) حزبی) بەڕوانین لەم ڕستە نورانییە كە خۆی دەربارەی خۆی و بەناوی ستافی ئاریاوە نوسیویەتی وا تێدەگەین ستافی ئاریا هەموو عەرەبی خوارووی عێراقن و لەوێوە خەمی ئەم بنێسە پیاوە دەخۆن نەبا كوردی هەمیشە دوژمن بەوان شتێكی دەرهەق بكەن و لەناواخنی نوسینەكەدا كەلێك ئاشكرا هەرەشەیەكی بۆن عەرەبی لەكورد بەدی دەكرێت و دەیەوێت لەو شەرە تایەفەگەرییەی ناوچەكەی ئەوی پێوە گیرۆدە بووە بەشمان بدات.. دەخوازم خوێنەری كورد وەك خۆی هەمیشە وابووە گەلێك هۆشیارتر بێت لەوەی ئەم لیبۆكە وەك ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتی كوردی وێنا بكات و هەر ئەم ڕستەیەی خۆی لەو نووسینەدا بەسە بۆ كەشف كردنی درۆكانی (المسلسل يقدس الدين ويدافع عن الامن القومی چد التطرف والارهاب القادم من الخارج)

ئیدی كامە گوتاری دژە گەندەڵی و كامە ڕوبەڕووبوونەوی توند لەگەڵ ئەو چەمكە ئاینیانەی نووسەری ماڵپەرەكانی كردە دۆستی هادی و دوژمنی كورد وكوردسات.

بریا كوردساتیش لیگەڕایە تواناى ئەم دەرهێنەرە ئەفسونییە تەواو دەربكەوتایە ئەوسا گەلێك لەوانەی بەتوندی داكۆكی دەكەن دڵنیام لەووێنەیەدا بەدی نەدەكران، بۆ زانیاری زیاتریش هەموو ئەو تەكنیكە سەركەوتوەی درامای پێشوی ئەم نەخۆشە وێنەگرێكی بەتواناو پر سەلیقەی لەپشتەوە بوو بەناوی (سیروان محەمەد) كە چەند كارێكی دۆكیمێنتاری بۆ من وێنەگرتووەو ڕەنگە بینەری كوردیش لەڕێی كلیپە نایابەكانیەوە باشتری بناسن.

لەگەڵ ئەوەی من تا دوا هەناسە دژی تەسككردنەوەی پانتاییەكانی ئازادیم و لەگەڵ ّهەموو ئەوانەدام كە دەیانەوێت هونەرمەندو ڕوناكبیری كوردی لە سادەترین مافەكانی بی بەش نەبێت، پشتیوانی هەمیشەییم بۆ ئەو هاوڕێ هونەرمەندانەم دەردەبڕم كە لەبەردەم هەرەشەی شەڕێكی خۆنەویستان و بەئەركی دەسەڵاتی كوردی دەزانم كە دەبێت ژیان و ئازادی ئەو هاوڕێیانە م بپارێزێت. دەمەوێت ئەوەش بەمامۆستایانی ئاینی بڵێم كە مەخابن ئەوانیش كەوتنە داوێكی ساویلكانەوەو وەك چۆن هادی بەتەنها لەفۆرمی مەلادا كاری كردووە بی ڕۆچوون بەرەو جەوهەری شتەكان، ئەوانیش بەتەنها مامەڵەیان لەگەڵ ئەو فۆرم و ڕواڵەتەدا كردوو نەچونە قولانجێك قوڵترەوە، گەر پیرۆزاندنی كاركتەری هەموو مەلایەك شتێكە حەتمی بێت و هەر قسەكردنێك لەسەریان دراوسێی ماڵی كوفرێكی موجەسەم

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بێت ئەوا دەبێت بەشێكی گەورەی ئەدەبیاتی زاری كوردی لەبەین بچێت و گەورە منەوەری سەردەمی خۆی رەحمەتی سەجادی و رشتەی مرواریيەكەشی لەسامناكترين گۆشەكانی دۆزەخدا بن.

ئەوی بۆ من دەمێنێتەوە لەدوا پەرەگرافدا ئەوەیە كەداوای ليبوردن لە خوێنەری ئازیز بكەم كە لەجێی خۆ خەريك كردن بە وتارێكەوە كە لانی كەم فيكرێك مەعريفەيەك گوتارێكی جددی ئاراستە بكات سەرقاڵی شەرێكی نەگریس دەبێت كە تاكە زەرەرمەند تێدا ئەو كاتە زێرينەيە بەفيرۆ دەچی.

دەبی ئەوەش بەو پیاوە بنێسە بڵێم كە هەرگیز چاوەڕی نەبووم تا ئەو رادەیە ناو بۆش و بیمانا بێت و ئاخۆ چ ناتۆرەيەكيشی بۆ من ئامادەكردبێت وەك چۆن روناكبيرێكی دياری وەك رێبين هەردی بە ئەميرێكی ئيسلامی دەچوێنيو چەندەها تۆمەتی دەخاتە پاڵ. لەراستيدا من باكم نييەو ئەمەش دوا كاتمە كە بەنەزانێكی وەك ئەوەوە دەيكوژم و بمكاتە نەك جاسوسی يەكێتی نيشتمانی هی تەواوی دەوڵتانی دنياو دەرو جيرانيش تاكە چركەيەكی تری پێوە ناكوژم و داخی گرانم تەنها بۆ ئەو ماوەيەی بەكەسێكی واوە كوشتم و لەجێی ئەو دوو وشەی تر فێر بوومايە گەلێك باشتر بوو. منيش دەمتوانی لەرێی دادگاوە ئەو بوختانانەی بنێسترين پياوی دنيا يەكلايی بكەمەوە بەڵام منيش وەك ئەو هاوڕی روناكبيرانەی پێيان وايە ئەم جۆرە كەسانە ساتێك ماندوو بوونی ئەو پۆليسە بەرێزە ناهێنن كە لەنێوان ژوورەكانی دادگادا ناچار دەبێت كاغەزەكان بێنێت و بەرێت لێی دەگەرێم و لەوەش دڵنيای دەكەم كەوەك خۆی دەزانی گەلێك شت ماوە بیڵێم و نەمگوتوون و دواجاريش دەبی ئەو رستەيەشی بەزمانی خۆی بۆ بنووسم كەدەڵی (اذا اكرمت الئيم تمردا) .

دڵشاد مستەفا

بەريتانيا

2007 -7-7

بۆ ئەو وتارەی هادی دەتوانی لەم سايتە بروانی

www. kitabat. comرۆژی 26-6-2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.